National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## راپۆرتێك لەبارەی:

# مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵای هاوڵاتیان لە دەزگا حکومیەکانی گەرمیان

**(بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکانی: چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، تەندروستی و شارەوانی بەنمونە)**

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

2020/2/1

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ڕاپۆرت | |
| 1. پێشەکی | 2 |
| 2. هاوڵاتیان نیگەرانن لە پرۆسەی سکاڵا کردن | 2 |
| 3. سکاڵا لە بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکان لەگەرمیان | 3 |
| 4. خشتەی بەش و هۆبەکانی سکاڵا | 9 |
| 5. سکاڵا لە بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکان | 10 |
| 6. ئەو لایەنانەی دیکە کە سکاڵای هاوڵاتیان وەردەگرن | 15 |
| بەشی دوەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان | |
| دەرەنجام | 18 |
| ڕاسپاردەکان | 19 |
| بەشی سێیەم: ناساندن | |
| ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان | 21 |
| ناساندنی ڕادیۆی دەنگ | 22 |
| ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED | 23 |
| ناساندنی ناوچەی گەرمیان | 23 |

## 1. پێشەکی

تاچەند لە دەزگا حکومیەکان دا گرنگیی بە سکاڵای هاوڵاتیان دراوە؟ ئەگەر هاوڵاتیەک سکاڵایەکی لە خزمەتگوزاریەکان هەبێت، دەبێت چی بکات؟ تاچەند دەزگاکان لەمڕووەوە ئاسانکاریی و رونکردنەوەیان بۆ هاوڵاتیان فەراهەم کردوە؟

پرسی سکاڵا و مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵای هاوڵاتیان لە دەزگا فەرمیەکان، پرسێکی گرنگە، چونکە دەرخەری ئاستی باشیی و خراپیی خزمەتگوزارییەکان و هەروەها رەزامەندبونی هاوڵاتیانە لە بارەیانەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی رێگایەکە بۆ گەڕانەوەی ماف بۆ هاوڵاتیان لەو زیانانەی کە پێیان گەیشتوە.

راپۆرتی چوارەمی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان لە وەرزی نوێی دا، تایبەتە بەم پرسە، بەوپێیەی بوارەکەش زۆر بەرفراوانە و قورسە بتوانرێت هەمو دەزگاکان جێبکرێتەوە، هەربۆیە چوار بەڕێوبەرایەتی گشتی وەکو نمونە وەرگیراون، کە بریتین لە: (چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، تەندروستی و شارەوانی).

## 2. هاوڵاتیان نیگەرانن لە پرۆسەی سکاڵا کردن

هاوڵاتیان بەگشتی نیگەرانن لە مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵاکانیان لە دەزگا حکومییەکان و باس لەوەدەکەن بەهەند وەرناگیرێت.

کامەران عەلی عەزیز، هاوڵاتی لە شاری کەلار، لەبارەی ئەو سکاڵایەی کە لە شارەوانی کردویەتی و دەرئەنجامی نەبوە، وتی: "ئەو سکاڵایەی من کە کردم لە سەردەمی سەرۆکی شارەوانی پێشوتر (حەسەن جیهاد) دا بو، لە بارەی ئەوەی کە کتێبخانەیەکم هەبو لە ناو بازاڕ روخاندیان و قەرەبویان نەکردمەوە لە کاتێکدا بە پارەی خۆم کڕیبوم، سکاڵاکەشم بە داواکاری و فایل کردبو، ئەوەندە هاتوچۆم کرد و بەڵێنیان پێدام و جێبەجێیان نەکرد، بێتاقەت بوم".

دەشڵێت: هیچ ئومێدێکم نیە بە ئەمانە، چونکە هەرچەند سکاڵاش بکەی دەرئەنجامی نابێت.

لەهەمان کاتدا، ئاکۆ عومەر، هاوڵاتیەکی شاری کەلارە، لە بارەی ئەوەی تا چەند بەدواداچون بۆ سکاڵاکەی کراوە لە بەرامبەر ئەو نا هەقیانەی کە وەکخۆی دەڵێت بەرامبەر بە هاوسەرەکەی کراوە، دەڵێت: هاوسەرەکەم خاوەن

پێداویستی تایبەت بو پەردەکانی گوێی لەدەست داوە، دکتۆر پێی وتوە کە پێویستە نەشتەرگەری بۆ بکرێت، بەڵام ئەو موچەیەشی کە هەیبو بڕا لە لایەن حکومەتەوە".

وتیشی: "سکاڵام بردوەتە لای بەڕێوبەری چاودێری کۆمەڵایەتی گەرمیان، بەڵام بە نوسراو نا بە زارەکی، ئەویش پێی ڕاگەیاندین کە لە دادگا سکاڵا بکەین لەسەر ئەو دکتۆرەی کە لە لیژنەی پزیشکی وایکرد موچەی هاوسەرەکەم ببڕن و ئەو خۆی بە دواداچونی نەکرد، باشە هاوڵاتیەکی وەک من ئەگەر لە دادگاش سکاڵا بکەم چ سودی دەبێت؟ چونکە هەر ئەو ئەیباتەوە و کەسی لە پشتە بۆیە هیچ سکاڵایەکم نەکرد".

## 3. پرسی سکاڵا لە بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکان لەگەرمیان

لەم پارەدا بەدواداچون دەکەین بۆ ئەوەی بزانین لەو چوار بەڕێوبەرایەتیە گشتیەدا، پرۆسەی سکاڵا و سکاڵاتۆمارکردن لەلایەن هاوڵاتیانەوە چۆن بەڕێوەدەچێت و میکانیزمە بەردەستەکان لەو روەوە چین؟ تاچەند بەدواداچونی جیدیی بۆ پرسی سکاڵا و خودی سکاڵاکان دەکرێت؟ تاچەند سەرپێچیکاران سزا دراون بەهۆی بونی سکاڵاوە؟

### ا. بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان:

بەرپرسانی پەروەردە باس لەوە دەکەن، هۆبەی تایبەتیان بە ناوی سکاڵاوە نیە، کێشەشیان لەوە هەیە کە زۆرینەی سکاڵاکان زارەکین و ڕێوشوێنی خۆیان ناگرن.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، هێمای بۆ ئەوە کرد: "بەشی کاروباری یاسایمان هەیە، سکاڵاش لە چوارچێوەی ئەو دایە و هەمو سکاڵاکان دەچێتە ئەوێ و بە لیژنە بە دواداچون دەکرێت، 5 فەرمانبەری یاسایمان هەیە".

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، لە ساڵی 2019 دا 25 سکاڵایان بۆ هاتوە، بەوتەی (م. دارا ئەحمەد)، سکاڵاکان کاریان لەسەر کراوە و دەرئەنجامیشی هەبو و سزای کەمتەرخەم و تاوانبارەکانیش دراوە.

لەبارەی ئەوەی شێوازی ئەو سکاڵایان دێتە لایان چین؟ بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وتی: هەمو جۆرە سکاڵایەک وەردەگرین، چ ناوخۆ چ دەرەکی، چ زارەکی بێت چ نوسراو و چ تەلەفۆن و نامەش بێت، بەڵام ئەوەی کە

لیژنەی لەسەر پێکبێت و بە یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، داواکاری نوسراوە، تەنانەت خۆشمان رێنماییان دەکەین کە بە نوسراو داواکاری پێشکەش بکەن دواتر ئازادن کە دەیکەن یان نا.

سەبارەت بەوەی پشت بە سندوقی سکاڵا دەبەستن؟ (م. دارا ئەحمەد) وتی: سندوقی سکاڵامان نیە و بە شتێکی گرنگی نازانین، چونکە ئێمە لەبواری پەروەردەین و دەرگامان کراوەیە و گوێ لە هەمو کەسێک دەگرین و وەڵامیان دەدەینەوە.

هاوکات لەو بەڕێوبەرایەتیە گشتیەدا ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بە سکاڵا بونی نیە، بەڵکو زۆرتر پشت بە ژمارە تەلەفۆنیە کەسیەکانی خۆیان دەبەستن.

وەک بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان هێمای بۆ کرد، لەپرسی سکاڵا دا پشت بە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەران و یاسا و رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە دەبەستن.

## ب. بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان

لەم بەڕێوبەرایەتیە گشتیەدا، بەش و هۆبەی تایبەت بە سکاڵا بونی نیە، بەڵام وەک بەڕێوبەرەکەی هێمای بۆ کرد، هۆکاری تایبەت فەراهەم کراوە بۆ گەیاندنی سکاڵا پێیان.

دەرون عومەر، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، باس لەوەدەکات لە پەیکەری کارگێڕیی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دا، هۆبەی سکاڵا بونی نیە، بەڵام بەشی پارێزگاری خێزان هەمو سکاڵا و کەیسێک وەردەگرێت.

وتی: لەم بەشەدا بەپێی بڕوانامە کەسەکان دانراون، هەیە پسپۆڕی یاسایە و هەیشە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەرونین.

لەم بەڕێوبەرایەتیەدا هیچ ئامارێک لەبارەی ژمارەی سکاڵاکانەوە لەلایەن بەڕێوبەری گشتیەوە نەخرایە رو، بەوهۆیەی وەکخۆی وتی: "ئامارەکان لە هۆبەی ئامار و ئایتی هەیە، بەڵام جیامان نەکردوەتەوە".

لەبارەی بڕ و قەبارەی سکاڵاکانیشەوە، ئاماژەی بەوەکرد ژمارەی ئەو سکاڵانەی هەبوە لە دەزگاکانیان کەم بوەتەوە، بەشێوەیەک وەکخۆی وتی: "مانگ هەیە هیچ سکاڵایەکمان نیە".

ئاماژەی بەوەشکرد زۆرترین سکاڵا کە ژمارەکەی (8) سکاڵا بوە، لەسەر لیژنەی پزیشکی هەبوە کە هەڵسەنگاندنی بۆ کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت کردوە و پێداچونەوەی بە رێژەی کەمئەندامی سودمەندان کردوە، ئەوانیش بەدواداچونیان بۆ کراوە لەرێگەی ئاراستەکردنی سکاڵاکان بۆ وەزارەت یان بە وتوێژ لەگەڵ تەندروستی گەرمیان.

بەپێچەوانەی بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکانی سەرەوە، لەم بەڕێوبەرایەتیە گشتیەدا سندوقی سکاڵا بونی هەیە، بەڵام لە هەمو دەزگایەکیان دا نیە.

دەرون عومەر، رونیکردەوە: لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان "شەڵتەر"، بەڕێوبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی گەرمیان و هەردو بەڕێوبەرایەتی چاودێری و کۆمەڵایەتی، سندوقی سکاڵامان هەیە و وەزارەت خۆی سەرپەرشتی دەکات و مانگەنە لە رێگەی لیژنەوە سکاڵاکان دەبرێنەوە وەزارەت.

بەدەر لە سندوقی سکاڵا، لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتی و ژمارە تەلەفۆنە کەسییەکانی بەڕێوبەری گشتیەوە، سکاڵا و گلەی هاوڵاتیان وەردەگرن و بەدواداچونی بۆ دەکەن.

لەبارەی ئەوەی تاچەند بەدواداچون بۆ ئەم سکاڵایانە دەکەن و لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکدێنن؟ (دەرون عومەر) وتی: "بەپێی جۆری سکاڵاکە لیژنە دروست دەکەین، سەرەتا دەبێت بزانین سکاڵاکە چیە؟ دواتر بڕیاری لەسەر دەدەین و دەسەڵاتی خۆمان بەکاردێنین، ئەگەر هاوڵاتیەکە تەنها وەک ئاگەدارکردنەوە بابەتەکەی بە ئێمە گەیاندبێت، لیژنەی لەسەر پێکناهێنین، هەروەک بەگشتی لیژنە لەسەر سکاڵایەک دروست ناکەین کە نوسراو نەبێت و ناو و ناونیشانی لەسەر نەبێت".

جگە لەم رێگەیە، بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، بۆردێکی راوێژکاریی پێکهێناوە کە نوێنەری شەش رێکخراوی خاوەنپێداویستیە تایبەتەکان "کەمئەندامان" لەخۆدەگرێت، لەو رێگەیەشەوە هەمو سکاڵا و رەخنە و تێبینیەکی ئەو توێژانە دەگەیەنرێت بە بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکە.

لەبارەی ئەوەی تاچەند سکاڵاکان بە هەند وەردەگیرێن و بەدواداچونی جیدییان بۆ دەکرێت؟ بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، نمونەی سکاڵایەکی هێنایەوە کە لە قەزای کفری لەسەر بەرپرسێکیان تۆمارکرا "ساڵی پار ئەو سکاڵایە تۆمارکرا و ئێمەش بەدواداچونمان بۆ کرد، لیژنەمان بۆ دروستکرد و وەڵامی سکاڵاکەرمان دایەوە سکاڵاکەریش رازیبونی خۆی پیشاندا لەسەر بەدواداچونەکەمان، ئەو هەڵەیەی بەرامبەری کرابو راستمان کردەوە".

لەسەر ئەو سکاڵایەش کە کوڕی خاوەن پێداویستیەکی تایبەت لە بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکەیان تۆماری کردبو بەهۆی ئەوەی لە کاتی مردنی باوکی موچەکەی نەبڕابو، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان جەختی کردەوە کە ئیجرائاتی یاساییان کردوە "بەهۆی هەڵەی فەرمانبەرێکمانەوە لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی ئەو کات ئەمە رویدا، ئێمە لەسەر فەرمانبەرەکەمان لیژنەمان بەست، بەهۆی ئەو سکاڵایەوە لیژنەکە کەیسەکەی ئاراستەی دادگا کرد بەهۆی ئەوەی وتیان لە دەسەڵاتی ئێمە نیە لەبەر ئەوەی چوبوە حاڵەتی تاوانەوە، دواتر فەرمانبەرەکە تەوقیف کرا تاوەکو دادگا کەیسەکەی یەکلا کردەوە".

لەبارەی ئەوەشی کە زۆرجار هاوڵاتی دەڵێت: سکاڵاکردن سودی نیە بەهۆی ئەوەی بەدواداچون نیە؟ (دەرون عومەر) نمونەی سکاڵای خاوەن پێداویستیەکی تایبەتی هێنایەوە کە پەیوەندی پێوە کردون لەسەر ئەوەی لەکاتی وەستانیان بۆ موچەکانیان توشی ناڕەحەتی دەبن، بەڕێوبەری گشتی راستەوخۆ خۆی چوتە شوێنەکە و لەگەڵ بەڕێوبەری بانکی شێروانە کۆبوەتەوە و گرفتەکەیان چارەسەرکردون. دەشڵێت: "نابێت هاوڵاتی سکاڵا و گلەیی خۆی بەکەم ببینێت"

### ت. بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

لە تەندروستی گەرمیان هۆبەی تایبەت بۆ سکاڵا هەیە و سکاڵاکانیش یان لە رێگەی ئەو هۆبەیە، یاخود لەرێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوە و یان دادگاوە یەکلایی دەکرێنەوە.

د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات لە بەرێوبەرایەتیەکەیان گەورەترین بەشیان (پشکنین و دڵنیایی جۆری)یە کە هۆبەیەکی تایبەت بە سکاڵای هەیە و کاری وەرگرتنی سکاڵا دەکات.

لەبارەی رێوشوێنەکانی سکاڵا تۆمارکردنەوە، ئاماژەی بەوەکرد ئەوان بە پێی یاسا و رێنمای وەزارەتی تەندروستی، کاتێک بەدواداچون بۆ سکاڵاکان دەکەن کە کەسەکە نوسراو "عەریزە=عريضة" پێشکەش بکات و ناو و ژمارە مۆبایلی خۆی لەسەربێت و ئەوکات بە سکاڵا هەژماری دەکەن.

کەواتە تەندروستی گەرمیان کار لەسەر ئەو جۆرە سکاڵانەدەکات کە هاوڵاتی نایەوێت بەناوی خۆی سکاڵا بنوسێت تەنها وەک گلەی یاخود زانیاری لەسەر شیوازی مامەڵە و خزمەتگوزاری تەندروستی لە ناوەندە تەندروستیەکان، ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیانی بکات؟

بەڕێوبەری گشتی لەوەڵامدا وتی: ئەگەر هاوڵاتیەک سکاڵا بکات لەسەر پزیشکێک بەوەی چارەسەری هەڵەی بۆ کردوە، ئەوکات سەرەتا سکاڵاکە لە بەشی پشکنین و دڵنیایی جۆری بەدواداچونەی بۆ دەکرێت، هاوڵاتیەکە بانگ

دەکرێت قسەی وەردەگرن، دواتر قسەی ئەو لایەنەش وەردەگرن کە سکاڵاکەی لێکراوە، قسەی بەرپرسەکەشی وەردەگیرێت، دواتر راپۆرت بەرز دەکەنەوە بۆ بەڕێوبەری گشتی.

د.سیروان محەمەد، زیاتر رونیکردەوە: "ئەگەر لە بەدواداچونەکانەوە دەرکەوت سکاڵالێکراو تاوانبارە، داوای دروستکردنی لیژنە دەکەین لە بەشی یاسایی، لیژنەکەش پێکدێت لە نوێنەری بەشی یاسایی لە تەندروستی و نوێنەری داواکاری گشتی لەگەڵ نوێنەری پزیشک یاخود پسپۆری ئەو بوارەی سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە".

بەڵام وەکخۆی وتی: "بۆ حاڵەتی مردن راستەوخۆ بەبێ سکاڵا لیژنەی بەدواداچون پێکدەهێنرێت".

لەبارەی ئامرازەکانی پەیوەندیەوە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد کە چەند سندوقێکی سکاڵایان هەیە، بەڵام پێی باش نیە و خەڵکیش متمانەی پێی نییە، هەروەک بە ژمارە تەلەفۆنی کەسیی خودی خۆیشیانەوە پەیوەندیان پێوەدەکرێت لەکاتی بونی سکاڵا دا.

لە تەندروستی گەرمیاندا، تەنها لە دیوانی بەڕێوبەرایەتی گشتی دا بەشی تایبەت بە یاسا و سکاڵا هەیە.

لەمبارەیەوە (د.سیروان محەمەد) باس لەوەدەکات هەبونی بەشی یاسایی لە نەخۆشخانەو مەڵبەندەکان پێویستە، بەڵام بەوتەی خۆی بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان ئەو بۆشاییەیان پڕ کردوەتەوە "حاڵەت هەبوە بەڕێوبەری نەخۆشخانە خۆی سکاڵای لەسەر پزیشک و کارمەند بەرزکردوەتەوە بۆمان یاخود بۆ دادگا".

بە پێی ئامارەکانی تەندروستی گەرمیان لەبەشی یاسایی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان، لە ماوەی ساڵی رابردودا 11 لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە و 5 لیژنەیان کارەکانی تەواو بوە. کاری لیژنەکانیش 2 دانەیان بۆ حاڵەتەکانی مردن بوە کەیەکێکیان لە نەخۆشخانەی حکومی و ئەوەکەی تریان لە نەخۆشخانەی ئەهلی بوە.

هاوکات (24) سکاڵای هاوڵاتی لە بەشی پشکنین و هۆبەی سکاڵا وەرگیراون.

د.سیروان محەمەد ئاماژەی بەوەکرد بەشی زۆری سکاڵای هاوڵاتیان خۆی بینوەتەوە لە بەدەمەوەنەچونی پزیشک.

زۆرجار هاوڵاتیان گلەی لەوەدەکەن سکاڵاکانیان دەرئەنجامی نابێت، د.سیروان محەمەد، باسی لە دەرئەنجامی ئەو سکاڵایانە کرد کە هاوڵاتیان کردویانە و وتی: "حاڵەت هەبوە لە ماوەی دو ساڵی رابردودا وەک مردنی کەسێک لە سەنتەرێکی جوانکاری ئێمە سکاڵامان بەرزکردوەتەوە بۆ دادگا، یاخود سکاڵا هەبوە بەرزمان کردوەتەوە بۆ وەزارەت، قورسترین سزا بۆ دکتۆر و کارمەندە تەندروستیەکە هاتۆتەوە، بەڵام سکاڵاش هەبوە هەڵە تێگەشتن هەبوە پزیشک و کارمەند بێتاوان بون".

بەوتەی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لە دۆسیەی سکاڵاکان دا کار بە یاسا بەرکارەکان دەکەن لە نمونەی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی حکومی، بەڵام بەوتەی خۆی یەکێک لە کێشەکان، پەنابردنی لایەنەکانی سکاڵاکەیە بۆ "سوڵحکردن" لە دەرەوەی رێوشوێنەکان. لەوبارەوە وتی: "ئەمە یەکێکە لەو گرفتانەی کە روبەڕومان دەبێتەوە، دوای بەدواداچون ئیجرائاتی بەڕێوبەرایەتیمان، کەچی کە دۆسیەکە بەرز دەکەینەوە بۆ دادگا، دەبینن هاوڵاتیەکە سکاڵاکەی دەکشێنێتەوە".

**پ. بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان**

بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، لە بارەی ئەوەی تاچەند بەشی تایبەت بە سکاڵای هاوڵاتیانەوە هەیە لە بەڕێوبەرایەتیەکەیان، دەڵێت: بەشی بەدواداچون و یاساییمان هەیە، بەشی داواکانمان هەیە کە سکاڵا وەردەگریت و بەشی بەدواداچون بەدواداچون بۆ هەمو کێشەکان دەکات، 3 فەرمانبەری یاساییمان هەیە و سکاڵای ناوەوە و دەرەوەش وەردەگرین، چونکە مەرجەعی 15 سەرۆکایەتی شارەوانین.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە ماوەی ساڵی رابردو سەرو 100 سکاڵامان بۆ هاتوە بە داواکاری هاوڵاتی و هەموی کاری لەسەر کراوە.

ئایا هاوڵاتیان بە چ رێگەیەک سکاڵاکانیان دەگەیەننە ئەم بەڕێوبەرایەتیە گشتیە؟ هیچ سندوق یان ژمارە تەلەفونێکی تایبەت بە سکاڵایان هەیە؟

(بەرزان کەریم) لە وەڵامدا وتی: سندوقی سکاڵامان نیە و زۆر گرنگ نیە لەلامان، چونکە دەرگامان کراوەیە لە بری ئەوە، لەگەڵ ئەوەش ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە وەرگرتنی سکاڵاشمان نیە ئەوەی هەیە ژمارەکانی خۆمانە کە بە بەردەوامی بەردەستە.

بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان لە بارەی ئەوەی جۆری سکاڵاکان چین، وتی: هەمو جۆرە سکاڵایەکمان بۆدێت بە تایبەت زارەکی.

کێشەی سکاڵای زارەکی ئەوەیە کە لە یاسادا زۆر پشتی پێنابەسترێت. بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان جەختی لەم خاڵە کردەوە و وتی: "ئێمە زیاتر کار بە داواکاری نوسراو دەکەین، چونکە یاساش کار بەوە دەکات بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی حەقیقی هەبێت".

لەبارەی ئەوەی تاچەند کار بە سکاڵاکان دەکرێت و لەسەر بنەمای ئەو سکاڵایانە لێپێچینەوە لە فەرمانبەرانیان دەکەن لەکاتی سەلماندنی ناوەڕۆکی سکاڵاکان و کەمتەرخەمیەکەیان؟ (بەرزان کەریم) وتی: بەدڵنیاییەوە کاریان لەسەر دەکەین، تەنانەت ئەندازیاری خۆمان هەبوە کە سکاڵای لەسەر بوە، سزای وەرگرتوە.

ئەو پێیشیوایە هاوڵاتیان سکاڵای نوسراو زۆر بەکەمی تۆمار دەکەن، هۆکارەکەیشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی "لەبەر ئەوەی هاوڵاتیانی ئێمە نایانەوێت هیلاک بن و تاقەتیان نیە، هەروەک پشتیان بە موئەسەساتی حکومەت قایم نیە".

وەک خۆیشی ئاماژەی بۆکرد، لە مامەڵەکردنیان دا لەگەڵ سکاڵاکان، کار بە یاسای ژمارە 6ی شارەوانیە گشتیەکان دەکەن.

## 4. خشتەی بەش و هۆبەکانی سکاڵا

لەم خشتەیەی لایخوارەوە دا، ئەوە رونکراوەتەوە کە لەو چوار بەڕێوبەرایەتیە گشتیەی گەرمیان/دیوان، چۆن مامەڵە لەگەڵ سکاڵا کراوە لەروی بونی بەش و فەرمانبەر و فەراهەمکردنی ئامرازی پێویست*.

| ناوی بەڕێوبەرایەتی گشتی/ دیوان | بەش و هۆبەی تایبەت بە ناوی سکاڵا بونی هەیە؟ | سندوقی سکاڵای هەیە؟ | ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە سکاڵای هەیە؟ | چەند فەرمانبەری تایبەت بە سکاڵای هەیە؟ |
|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی گەرمیان | نیە | نیە | نیە | 0 |
| تەندروستی گەرمیان | هەیە | نیە | نیە | 1 |
| کۆمەڵایەتی گەرمیان | نیە | نیە | نیە | 0 |
| شارەوانیەکانی گەرمیان | نیە | نیە | نیە | 0 |

* لەهەندێک بەڕێوبەرایەتی گشتی وەکو (کۆمەڵایەتی و تەندروستی)، سندوقی سکاڵا هەیە، بەڵام لەناو دیوانی بەڕێوبەرایەتیەکەدا نیە و لە دەزگای تری سەر بە ئەوانن.

## 5. سکاڵا لە بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکان

### ا. سەرۆکایەتی شارەوانیەکان: سکاڵاکان زارەکین

سەرۆکایەتی شارەوانیەکان باس لەوەدەکەن هەمو سکاڵایەک دێتە لایان و بەدواداچونی بۆ دەکەن بە پێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی شارەوانی، ئەگەرچی کێشەیان لەوەدا هەیە سکاڵای زارەکی زیاترە.

ئەکرەم ساڵەح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، لە بارەی سکاڵای هاوڵاتیانەوە دەڵێت: "ئێمە یەکەیەکی کارگێڕیمان نیە تایبەت بە سکاڵا، ئەوەی هەیە بەشی کاروباری یاسای شارەوانیە بۆ هەمو کارەکان و سکاڵاش لە چوارچێوەی ئەو دایە، ئێمە هەر سکاڵایەک دێتە لامان لەسەر هەر بابەتێک بێت ئاراستەی ئەو بەشە دەکرێت و هەمو بەشەکان سکاڵا وەردەگرن، بۆنمونە ئەگەر لەسەر زیادەڕەوی بێت ئەوە سکاڵاکە ئاراستەی ئەو بەشە دەکرێت و بە لیژنە کاری لەسەر دەکرێت، دواتر لە روی یاساییەوە کار دەکرێت کە 2 فەرمانبەری یاسایمان هەیە".

هێمای بۆ ئەوەشکرد: سکاڵای داواکاری هاوڵاتیان کەمە کە بە نوسراو بێتە لامان، لە ماوەی ساڵی رابردو دا تەنها 2 سکاڵای نوسراو هەبوە، ئەوەی هەبێت زیاتر زارەکیە و بە دواداچونی بۆ دەکەین، لەگەڵ ئەوەش هەمو جۆرە سکاڵایەک وەردەگرین چ نامە بێت یان تەلەفۆن، چ لە دەرەوە بێت یان سکاڵای ناوخۆیی بێت.

لە بارەی بونی سندوقی سکاڵاوە، سەرۆکی شارەوانی کەلار وتی: سندوقی سکاڵامان نیە، بەڵام دەرگام بە بەردەوامی کراوەتەوە هەمو هاوڵاتیەک دەبینم، ڕەنگە سندوقەکەش هەبێت سکاڵای هاوڵاتیان هەفتەیەک دوا بکەوێت، بۆیە راستەوخۆ بێت باشترە.

ئاشکرایشی کرد ژمارە تەلەفۆنێکی تایبەت بە شارەوانی نیە کە هاوڵاتیان لەو ڕێگەیەوە سکاڵا تۆمار بکەن، ئەوەی هەیە تەلەفۆنەکانی خودی سەرۆکی شارەوانیە کە بەوتەی خۆی "بەردەوام بەردەستە".

لەبارەی ئەوەی کارکردنیان بە چ یاسایەکە بۆ مامەڵەکردنیان لە بونی هەر سکاڵایەک، ئەکرەم ساڵەح وتی: بۆ هەر کارێکمان کار بە یاسای شارەوانیەکانی ژمارە 6ی ساڵی 1993 دەکەین.

لە قەزای کفریش، بەهەمانشێوە شارەوانیەکەی هیچ بەش و هۆبەیەکی تایبەت بە سکاڵای نییە.

قادر فاتیح وەیس، سەرۆکی شارەوانی کفری، دەڵێت: "لە دیوانی ئێمە بەشێک نیە تایبەت بە سکاڵا، ئەوەی هەیە کاروباری یاساییە و 2 فەرمانبەری یاسایمان هەیە، لەگەڵ ئەوەش هەمو بەشەکانمان سکاڵا وەردەگرن، بۆنمونە بەشی

زیادەڕەویمان هەیە هەر سکاڵایەک لەوبارەیەوە بێت ئاراستەی ئەوە بەشە دەکرێت و دواتر دەنێردرێت بۆ بەشی یاسایی، بۆ هەر سکاڵایەکیش بە لیژنە بەدواداچون دەکرێت، تەنانەت سکاڵامان هەیە لە دادگایە.

لەبارەی رێوشوێنەکانی وەرگرتنی سکاڵاوە، ئاماژەی بەوەکرد سندوقی سکاڵایان نیە بەوهۆیەی ئەو بینایەی تێیدان هی خۆیان نیە، پێیشیوایە پێویستە هەیانبێت.

لەبارەی ژمارە تەلەفۆنیشەوە، بەهەمانشێوە نیانە و پشت بە ژمارە تەلەفۆنەکانی خودی سەرۆکی شارەوانی دەبەسترێت بۆ وەرگرتنی سکاڵا و رەخنە.

دەربارەی جۆری سکاڵاکانیشەوە کە بۆیان دێت، (قادر فاتیح) وتی: ئەو سکاڵانەی کە بۆمان دێت زیاتر زارەکی و پەیوەندی تەلەفۆنیە، ئەو سکاڵانەشی کە بە نوسراو بون لە ساڵی 2019 دا، (6) سکاڵا بون.

### ب. بەرپرسانی پەروەردەی قەزاکان: سکاڵاکان دەرئەنجامی هەبوە

بەرپرسانی پەروەردەی قەزاکان باس لەوە دەکەن کە سکاڵایان بۆ دێت لەلایەن هەمو فەرمانبەران و خێزانی فێرخوازانەوە و سکاڵاکانیشیان دەرئەنجامی هەبوە، ئەگەرچی سکاڵاکان زیاتر زارەکین.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار، وتی: "لە هەیکەلیەتی پەروەردەدا هۆبەیەک نیە بە ناوی هۆبەی سکاڵا، ئەوەی هەیە بەشی کاروبای یاساییە و سکاڵاش لە چوارچێوەی ئەو دایە و لەوێ وەردەگیرێت و بەدواداچونی بۆ دەکرێت، کە خۆشیان وەزیفەکەیان یاساییە".

پەروەردەی کەلار سندوقی سکاڵای نییە و ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە سکاڵایشی نیە، سکاڵاکان لەرێگەی بەڕێوبەری پەروەردەوە دەگەیەنرێن.

(عەدالەت لەتیف) ئاماژەی بەوەشکرد هەمو جۆرە سکاڵایەک وەردەگرن، چ بە نوسراو بێت یان زارەکی یان بەنامە و پەیوەندی تەلەفۆنی، بۆ ئەو سکاڵایانەی کە رەهەندی یاساییان دەبێت، جەخت دەکەنەوە کە سکاڵاکە نوسراو بێت.

زۆرجار هاوڵاتیان نیگەرانی دەردەبڕن لەوەی بەدواداچون بۆ سکاڵاکان ناکرێت، بەڵام بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار بەپێچەوانەوە دەڵێت: فەرمانبەر و مامۆستاشمان هەبوە سزای وەرگرتوە لەسەر بنەمای سکاڵاکان، جاری واهەبوە بەڕێوبەرمان لاداوە لە سەر کارەکەی، هەشبوە سزای سەرەنجڕاکێشان و تەوبیخ و ئینزاری وەرگرتوە.

ئاشکراشی کرد لە بەدواداچونکردن بۆ سکاڵاکان، پشت بە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی حکومی دەبەستن.

بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار، لە ساڵی رابردو 6 سکاڵا تۆمار کراوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بۆ ئەمساڵیش 3 سکاڵا تۆمار کراوە و لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان.

هاوشێوەی پەروەردەی کەلار، پەروەردەی کفریش هۆبەی تایبەت بە سکاڵای نیە.

ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، وتی: سکاڵاکان لە بەشی کاروباری یاسایی وەردەگیرێن و 2 فەرمانبەرمان هەیە.

بەهەمانشێوە بۆ وەرگرتنی سکاڵا، پشت بە نوسراوی راستەوخۆ و پەیوەندی تەلەفۆنی خودی بەڕێوبەر دەبەستن، بەوپێیەی سندوقی سکاڵا و ژمارە تەلەفۆنی تایبەتیان نیە.

ئاماژەی بەوەشکرد هەمو جۆرە سکاڵایەک وەردەگرن، بەڵام بۆ ئەوەی لێپێچینەوە و لێکۆڵینەوە بکەن بە لیژنە، کار بە سکاڵای نوسراو دەکەن.

سەبارەت بەو سکاڵانەی کە بۆیان هاتوە، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری باسی لەوەکرد: لە ساڵی پار 6 سکاڵا لەلایان تۆمار کراوە و هەموی یەکلابوەتەوە و دەرئەنجامی هەبوە، بۆ ئەمساڵی خوێندنیش 3 سکاڵایان لەلا تۆمارکراوە و 2 دانەیان لە قۆناغی لێکۆڵینەوە دایە.

### ت. سکاڵا لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان چۆنە؟

بەڕێوبەرانی نەخۆشخانەکانی گەرمیان باس لەوە دەکەن هاوڵاتیان بۆ تۆمارکردنی سکاڵا دو لایەنیان لەبەردەستە.

سامان سەرتیپ ئەحمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانی لە قەزای کفری، باس لەوەدەکات بەچەندین شێواز سەردانیکەرانی نەخۆشخانەکەیان دەتوانن سکاڵا بکەن، دەتوانن راستەوخۆ بچنە لای لێپرسراوی ئەو هۆبە و بەشانەی کە سکاڵایان هەیە لە کارمەند و شێوازی کارەکانیان، یان دەتوانن سەردانی ئیدارەی نەخۆشخانە یاخود بەڕێوبەری نەخۆشخانە بکەن.

بەپێچەوانەی زۆر ناوەندی ترەوە، لەو نەخۆشخانەیە سندوقی سکاڵا هەیە و تەنها لە بەشی راوێژکاریی دا، 3 سندوقی سکاڵا هەیە، یەکێکیان بۆ وەزارەتە، یەکێکی تریان بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی و سێیەمیشیان بۆ نەخۆشخانەکەیە.

ئاماژەی بەوەشکرد ئەو سندوقانە تەماشا دەکرێن، بەڵام سندوقەکەی وەزارەت نەبێت کە ستافی وەزارەت درەنگ دێن بۆ سەیرکردنی.

کەواتە ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئاخۆ تاوەکو ئێستا وەزارەت لەسەر سکاڵای نێو سندوقەکانی لیژنەی ناردوەتە نەخۆشخانەکە؟ بەڕێوبەرەکەی نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی کە نزیکەی سێ مانگە دەستبەکار بوە، وتی: لەماوەی دەستبەکار بونی منەوە ئەم حاڵەتە روینەداوە، بەڵام پێشتر بەڕێوبەرایەتی گشتی بەدواداچونی کردوە بۆ سکاڵای نێو سندوقەکەی.

لەبارەی بەدواداچون بۆ سکاڵاکان و جۆری ئەو سکاڵانەی کە لیژنەی بۆ دروست دەکەن، (سامان سەرتیپ) وتی: "ئێمە بە زارەکی گوێ لە گلەی هاوڵاتیان دەگرین، زۆرجار بابەتەکە هەڵە تێگەشتنە لە خزمەتگوزاریەکانی نەخۆشخانەکە، یاخود هەندێک حاڵەتیش هاوڵاتیەکە سکاڵاکەی بە نوسراو پێشکەش دەکات".

زۆرترین جۆری ئەو سکاڵایانەش کە تۆمار دەکرێن، لەسەر درەنگ هاتن یاخود نەهاتنی پزیشک بوە، لەبارەی هۆکاری زۆر دوبارە بونەوەی ئەم حاڵەتەشەوە، وتی: بەهۆکاری ئەوەی پزیشک لە نەخۆشخانەکەمان بە پێی خشتە زۆربەی پسپۆڕەکان هەفتەی دو رۆژ دەتوانن دەوام بکەن لە نەخۆشخانەکە.

لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار، سندوقی سکاڵا بونی نیە و زۆرتر پشت بە سکاڵای راستەوخۆ دەبەستن.

د.کاوە محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، وتی: سندوقی سکاڵامان نیە، بەڵام رۆژانە خۆم و جێگرەکەم و بەڕێوبەری ئیداری، بەدواداچون بۆ سکاڵا و گلەی هاوڵاتیان دەکەین.

بەهەمانشێوە ژمارەی تایبەت بە سکاڵاشیان نییە و پشت بە تەلەفۆنی شەخسی خۆیان دەبەستن لە وەرگرتنی سکاڵاکان.

هاوکات هیچ هۆبەیەکی تایبەت بە سکاڵا لە نەخۆشخانەکەدا بونی نییە، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە باسی لەوەکرد لە پەیکەری کارگێڕیی وەزارەت دا ئەو هۆبەیە بونی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبونی میلاکی پێویستەوە نەکراوەتەوە.

لەبارەی رێوشوێنەکانی وەرگرتنی سکاڵاوە، (د. کاوە محەمەد) باسی لەوەکرد خۆیان بەدواداچون بۆ سکاڵاکان دەکەن و ئەگەر سکاڵاکە رەهەندی یاسایی هەبو، ئاراستەی دیوانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانی دەکەن.

لەبارەی گومانەکانیشەوە لەوەی سکاڵاکان بەهەند وەرناگیرێن، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار، وتی: "کارمەندمان هەبوە بەهۆی ئەوەی سکاڵای لەسەر بوەو وەکپێویست کارەکەی رانەپەڕاندوە، ئیجرائاتمان لەگەڵ کردوە و سزاشمان داوە".

ئاماژەی بەوەشکرد دیارترین جۆری ئەو سکاڵایانەی لەسەر نەخۆشخانەکەیان هەیە، چارەسەرنەکردنی نەخۆشە لە نەخۆشخانەکە بەتەواوی و ناردنێتی بۆ سلێمانی، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش جێگیری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری تەندروستی ئاگادارکراونەتەوە و وەک بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە وتی: لەهەوڵی چارەسەرکردنی داین.

**پ. بەشەکانی تایبەت بە سکاڵا: کار بە سکاڵای نوسراو دەکەین**

بەپێی ئاماری بەشی یاسای پەروەردەی کەلار لە ماوەی ساڵی رابردو 22 سکاڵا تۆمار کراوە لەلایەن فێرخوازان و مامۆستایان و کەسوکاری فێرخوازانەوە و دۆسیەکانیش بە لیژنە یەکلا کراونەتەوە، لە سەرەتای ئەمساڵیشەوە 2 سکاڵا هاتوە و لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان.

مەجید عەبدولعەزیز، لێپرسراوی هۆبەی یاسایی لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار، لە بارەی کارکردنیانەوە وتی: ئێمە هۆبەی تایبەت بە سکاڵامان نیە، بەڵام سکاڵا وەردەگرین، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی فەرمی بەدواداچون بکەین بۆ سکاڵاکان، دەبێت سکاڵاکان بە شێوەی نوسراو پێشکەش بکرێن، نەک بە زارەکی.

ئەو پێچەوانەی ئەو قسانەی دەکرێت لەوەی سکاڵاکان بەدواداچونیان بۆ ناکرێت، دەڵێت: هەمو سکاڵاکانمان دەرئەنجامی هەبوە و سزا و ئینزار و گواستنەوەشی تێکەوتوە.

بەوپێیەی بواری پەروەردە فەرمانبەری فەرمی و فێرخواز لەخۆ دەگرێت، بۆیە لەو سکاڵایانەی پەیوەندیان بە فێرخوازانەوە هەیە، کار بە یاسای وەزارەتی پەروەردە دەکرێت، لەوانەشی کە پەیوەندیان بە فەرمانبەرانەوە هەیە، کار بە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەران دەکرێت.

لە بەشی یاسایی پەروەردەی کەلار، 5 فەرمانبەری یاسایی هەیە و بەشەکەش بۆ وەرگرتنی سکاڵا، هیچ سندوق و ژمارە تەلەفۆنێکی تایبەتی نییە.

### ج. توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەدواداچون بۆ سکاڵاکان دەکەن

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، لەرێگەی بەشی پارێزگاریی خێزان و توێژەرانی کۆمەڵایەتییەوە، بەدواداچون بۆ سکاڵاکان دەکرێت.

هاوکار موکەرەم، لێپرسراوی بەشی پارێزگاری خێزان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، وتی: نزیکەی چوار ساڵ لێرەم، سکاڵایەکی تایبەت نەهاتۆتە بەشەکەمان لەسەر بەدەمەوەنەچونی کارمەندەکان و بەشەکانمان.

باسی لەوەشکرد لەسەر شەڵتەری داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لە گەرمیان، سکاڵایەک هەبوە کە ژنێک لە شەڵتەرەکە وەرنەگیراوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی سەنتەرەکە رێوشوێنی ئیداریی و یاسایی هەیە بۆ وەرگرتنی ژنان و لەخۆیانەوە ناتوانن ژنان داخل بە شەڵتەرەکە بکەن.

## 6. ئەو لایەنانەی دیکە کە سکاڵای هاوڵاتیان وەردەگرن

جگە لە خودی دەزگاکان، لایەنی دیکەش هەن بۆ وەرگرتنی سکاڵای هاوڵاتیان، بەدیارییکراویش ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکان، هەروەها داواکاری گشتی و نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان.

### ا. ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکان

ئیدارەی گەرمیان لێپرسراوی یەکەمی بەدواداچون و چاودێریکردنی دەزگا حکومیەکانی سنورەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بە چەندین شێواز سکاڵای هاوڵاتیان وەردەگرێت.

هێرش فەیزوڵڵا، بەڕێوبەری گشتی و بەڕێوبەری کارگێڕی ئیدارەی گەرمیان، لەبارەی شێوازەکانی وەرگرتنی سکاڵاوە وتی: سکاڵای هاوڵاتیان بەشێوەی نوسراو و بە زارەکی وەردەگرن و هەندێکجاریش لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە گوێ لە سکاڵای هاوڵاتیان دەگرن. ئاماژەی بەوەشکرد "سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان هەمو رۆژێک ئامادەی بینی هاوڵاتیانی هەیە".

وتیشی: "بەڵام بۆ هەندێک پرس پێویستە کەسەکە بە نوسراو سکاڵاکەی ئاراستەمان بکات".

لەدوای وەرگرتنی سکاڵا لە ئیدارەی گەرمیان هەردو بەشی لیژنەی باڵای بەدواداچون و کاروباری یاسایی هەڵدەستن بە دروستکردنی لیژنەو بەدواداچون بە پێی جۆری سکاڵاکە.

بەڕێوبەری کارگێڕی ئیدارەی گەرمیان، دەشڵێت: هەندێک سکاڵا لە رێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەکەین کە هەندێکجار هەڵە تێگەشتن دروستی کردوە، زۆرترین سکاڵاش لەسەر دەزگا خزمەتگوزاریەکانە، بەتایبەت شارەوانیەکان و پەروەردە و تەندروستی.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئیدارەی گەرمیان تاوەکو ئێستا لەسەر سکاڵای هاوڵاتیان ئیجرائاتی یاسایی کردوە بەوەی فەرمانبەر و بەڕێوبەی دەزگاکان سزادرابن؟ هێرش فەیزوڵڵا وتی:" ئیجرائات کراوە و فەرمانبەر بەگوێرەی کەمتەرخەمی و ئەو سکاڵایەی لەسەری هەبوە سزادراوە کاتێک لیژنەی بۆ دروست کراوە لە ئیدارەی گەرمیان و دەرکەوتوە سکاڵاکەر سکاڵاکەی دروست بوە".

لەقایمقامیەتەکانیش دا سکاڵا لەسەر دەزگا حکومیەکان وەردەگیرێت، بەڵام شێوازی مامەڵەکردنی جیاوازە.

جەلال شێخ نوری، قایمقامی قەزای کفری، لە بارەی چۆنیەتی تۆمارکردن و بەدواداچونەکانی ئەو سکاڵانەی کە دێتە لایان، دەڵێت: هەر سکاڵایەک چ نوسراو بێت یان زارەکی و بێتە لامان، بەدواداچونی بۆ دەکەین، بە تایبەت ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە هاوڵاتیانەوە هەیە، بەڵام هەر بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی سکاڵا ئاراستەی خۆی دەکرێت و بەدواداچونی بۆ دەکرێت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: هەر سکاڵایەکیش کە بێتە لای ئێمە وەک قایمقام ئاراستەی ئیدارەی گەرمیانی دەکەین بە نوسراوی فەرمی، دواتر ئەوانیش دەینێرنە لایەنەکانی تر بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد ژمارەی سکاڵای زارەکی زیاترە وەک لە سکاڵای نوسراو.

## ب. داواکاری گشتی گەرمیان

داواکاری گشتی گەرمیان بەدواداچون بۆ سکاڵایانە دەکات کە هاوڵاتیان تۆماری دەکەن و پەیوەندی بە بەرژەوەندیی گشتیەوە هەیە.

دادوەر: ئینتسار فازل، سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە گەرمیان، لە بارەی ئەو سکاڵانەی کە دێتەلایان و بەدواداچونی بۆ دەکەن، وتی: "ئەو سکاڵانەی کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێت و دێتە لای ئێمە، بەدواداچونی بۆ دەکەین لە رێگەی یاساوە، ئەگەر هاوڵاتیەکی ئاساییش ئەو سکاڵایە تۆمار بکات".

دەشڵێت: بەڵام سکاڵای ئیداری پەیوەندی بە دادگاوە هەیە و هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە نیە، راستەوخۆ دەچێتە دادگا.

## ج. نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان

بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤ لەگەرمیان ئاشکرای دەکات کە هاوڵاتیان هەمو جۆرە سکاڵایەک لەسەر کار و مامەڵەی فەرمانگەکانی سنورەکە تۆمار دەکەن لەلایان، پێیشیوایە لە چاو ساڵانی رابردو دا هۆشیاریی هاوڵاتیان باشە بۆ داواکردنی مافەکانیان.

بەپێی ئاماری نوسینگە مافی مرۆڤ لە گەرمیان، لە ساڵی رابردو (43) سکاڵای داواکاری بە نوسراو پێشکەش کراوە سەرباری سکاڵاکانی دیکە.

حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، لە بارەی سکاڵای هاوڵاتیانەوە دەڵێت: "هاوڵاتیان لە ئێستادا لە چاو ساڵانی رابردودا باشتر دێن و داواکاری پێشکەش دەکەن و سکاڵا تۆمار دەکەن".

بەپێی ئامارەکانی نوسینگەی ناوبراو، لە ساڵی 2019 دا 43 سکاڵا لەلایان تۆمار کراوە، سکاڵاکانیش لەبواری جیاواز بون، چ لە ناوەندەکانی خوێندن بوبێت، یان زیندانەکان و یاخود سکاڵای توندوتیژی و کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی بێت.

حەیدەر فازڵ، ئاماژەی بەوەکرد، بۆ بونی هەر سکاڵایەک پشت بە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەبەستن، سکاڵاکانیش لە بەشی یاسایی وەردەگیرێن کە 2 فەرمانبەری یاساییان هەیە و بە لیژنەش بەدواداچون دەکەن و بەوتەی خۆیشی "بەشێکی سکاڵاکان دەرئەنجامی تەواویان هەبوە".

لە بارەی ئەوەی تا چەند سندوقی سکاڵا و ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە سکاڵا لە نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان بونی هەیە، (حەیدەر فازڵ) وتیشی: "نە سندوقی سکاڵامان هەیە نە ژمارە تەلەفۆنی تایبەت، هەر هاوڵاتیەکیش کە بیەوێت سکاڵا تۆمار بکات، دەرگامان کراوەیە و ژمارە تەلەفۆنی خۆیشم بەردەستە.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

1. لە کۆی ئەو چوار بەڕێوبەرایەتییە گشتیە، تەنها یەکێکیان لە دیوانی بەڕێوبەرایەتی گشتیان دا هۆبەی تایبەت بە ناوی سکاڵاوە بونی هەیە، دۆسیەی سکاڵاکان لەلایەن بەش و لەژێر ناوی تر وەردەگیرێن.

2. نەبونی ئەم بەش و هۆبانە، واینەکردوە کە پرۆسەی سکاڵا لەو بەڕێوبەرایەتیانە پەکی بکەوێت، بەڵکو لەرێگەی بەشەکانی بەدواداچون و یاساییەوە، بەدواداچون بۆ سکاڵاکان کراوە.

3. سەرباری ئەم بەدواداچونانە، بەڵام هاوڵاتیان زۆر متمانەیان بە بەدواداچونەکان نییە، بەگومانن لە لێکۆڵینەوەکان، هەر رەنگە ئەمەش هۆکار بێت بۆ ئەوەی کە سکاڵا بەکەمی تۆماربکەن.

4. زۆرینەی سکاڵاکان لەرێگەی زارەکییەوە تۆمار دەکرێن و سکاڵای نوسراو نین، بەشێک لەمانەش پەیوەندییان بە نەبونی متمانەوە هەیە، بەوەی هاوڵاتیان متمانەیان نیە کە سکاڵاکان بەدواداچونیان بۆ بکرێت، بەشێکی تریش پەیوەندی بە ترس و نەوێران یان بەوەوە هەیە کە هاوڵاتیان نەفەس درێژ نین لە بەدواداچونی سکاڵاکان، بەتایبەتی کە سکاڵاکان بەهۆی رۆتینی کارگێڕییەوە کاتی زۆر دەخایەنێت.

5. دەزگاکان هیچیان هێڵی پەیوەندی گەرمیان نییە بۆ وەرگرتنی سکاڵا، ژمارە تەلەفۆنیان تەرخان نەکردوە و زۆرینەشیان سندوقی سکاڵایان نییە و زۆرینەشیان باوەڕیان بە سندوقی سکاڵا نییە، هاوکات وەک بەدیلی ئەو سندوقەش هیچ رێوشوێنێکیان نەگرتوەتەبەر، لەنمونەی ئیمەیڵ یان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

6. دو لە وەزارەتەکان (کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی) سندوقی سکاڵایان هەیە، بەڵام لەهەمو دەزگاکان دا نین و بەشێوەیەکی رێکوپێک و خولییش بەدواداچون ناکرێت بۆ کۆکردنەوەی سکاڵاکان.

7. ئاماری ئەو دەزگایانە دەریدەخات کە بەدواداچونیان بۆ سکاڵاکان کردوە، بەڵام لەکاتی خستنەڕوی راپۆرتی ساڵانە یان کۆنگرە رۆژنامەوانیەکانیان، یاخود لە روی میدیاییەوە، زۆر گرنگیی بەم بوارە نەدراوە و ئاماژە بەوەنەکراوە کە بەدواداچونەکانیان بۆ سکاڵاکان چۆن بوە و چی بوە؟

8. جگە لە دەزگاکان، هەندێک لایەنی تری ئیداریی و یاسایی، لەوێنەی: ئیدارەی گەرمیان، قایمقامیەتەکان، داواکاری گشتی و نوسینگەی مافی مرۆڤ ، بەدواداچون بۆ سکاڵاکان دەکەن و ئەگەر سکاڵاکە رەهەندی تاوانکاریی تێدابێت رەوانەی دادگای دەکەن.

9. کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی لە چاودێریی سکاڵاکان دا نییە، لەم پرۆسەیەشدا جگە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، ئەوانی دیکە لە ئێستادا بۆردی راوێژکاریی و چاودێرییان نیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی تیادا بەشدار بێت.

10. حکومەت و دەزگاکانی هیچ پلانێکی کورت و درێژیان نیە بۆ ناساندنی پرسی سکاڵا و رونکردنەوەی ئالیەتەکانی سکاڵا تۆمارکردن بۆ هاوڵاتیان و لەو رووەوە کەمتەرخەمی نواندوە.

**دوەم: راسپاردەکان**

1. پرسی سکاڵا و بەدواداچونکردنی، پرسێکی گرنگە و پێویستە حکومەت بە گرنگییەوە لێی بڕوانێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت رێوشوێنەکانی چڕ و جیدیی تر بکاتەوە.

2. پێویستە لە هەمو بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی دا، یەکەی ئیداریی (چ بەڕێوبەرایەتی بێت یان بەش و هۆبە و یەکە) هەبێت بۆ سکاڵا، بۆ ئەوەی بەجیدیتر بەدواداچون بۆ سکاڵاکان بکرێت. وایدەبینین بونی بەش و هۆبەی تر بەپێی پێویست ناتوانێت کاری سکاڵا بەباشیی رابپەڕێنێت.

3. ئامرازەکانی گەیاندنی سکاڵا کۆن و نائیدارییێن، پشت بە رێوشوێنی کۆن یان پەیوەندی شەخسی دەبەستن، ئەمەش کارێکی نائیدارییە. بۆیە پێویستە لەم رووەوە بەدواداچون بکرێت.

4. بونی سندوقی سکاڵا زۆر گرنگە، بەڵام لەوەگرنگتر، بەهەند وەرگرتنی سندوقەکەیە، بەتایبەتی بەدواداچونکردن بۆ سندوقەکە و کردنەوەی بەشێوەیەکی خولیی و خێرا، هەروەها بەهەند وەرگرتنی تێبینییەکان. بۆ ئەمەش دەبێت لیژنەی تایبەت دابنرێت بۆ بەدواداچون و کۆکردنەوەی سکاڵاکان و هەروەها بەدواداچونی سکاڵاکانیش.

5. بونی هێڵی گەرمی پەیوەندی بۆ سکاڵا زۆر گرنگە، ئەگەر نەشبو دەتوانرێت هێڵی ئاسایی پەیوەندیی تەلەفۆنی فەراهەم بکرێت کە سکاڵا و رەخنە و تێبینی رۆژانەی هاوڵاتیان لەرێگەیەوە وەربگرێت و ئاراستەی لایەنە بەرپرسەکان بکرێت، نەک تەنها پشت بە تەلەفۆنی کەسیی بەڕێوبەرەکان ببەسترێت.

6. بەهۆی پەرەسەندنی ئامرازە تەکنەلۆژیەکانی پەیوەندیکردنەوە، پێویستە دەزگاکان پشت بەو ئامرازانە ببەستن، لەرێگەی دروستکردنی هێڵی گەرم یان پەیوەندیی ئۆنلاین "ڤایبەر و وەتسئاپ و ..هتد"، هەروەها دروستکردنی پەیج و ئەکاوەنت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەتایبەتی فەیسبوک، بۆ وەرگرتنی سکاڵا و تێبینی، چ بە دانانی پەیج و ئەکاوەنتی تایبەت، چ بە ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان بە وەرگرتنی سکاڵا و رەخنەکان لەرێگەی پەیجە فەرمییە گشتیەکانی بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکان.

7. گرنگە دەزگا ئیدارییەکانی تر بەتایبەتی حکومەت (ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکان) و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان (پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بەدواداچونی پرسی سکاڵاکان بکەن و لەو رەوەوە رێوشوێنەکانیان چڕتر بکەنەوە و یەکەی کارگێڕیی تایبەت پێکبێنن بۆ بەدواداچونی سکاڵا لەسەر دەزگاکان بەگشتی.

8. پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی هەبێت لە پرۆسەی سکاڵا دا، ئەویش بە بەشداریی پێکردنیان لەلایەن حکومەت و دەزگاکانییەوە لە پرۆسەی سکاڵا و لێکۆڵینەوە و رێوشوێنەکان، یان بە دروستکردنی بۆرد و دەستەی چاودێریی و بەدواداچون بۆ سکاڵا و رەخنە و گلەییەکان.

9. گرنگە دەزگا حکومیەکان دەرەنجامی بەدواداچونکردنیان لەبارەی سکاڵاکان و ئاماری سکاڵاکان کەلایان تۆمارکراوە، بۆ رایگشتی بڵاوبکەنەوە و خەڵکی لێئاگادار بکەنەوە، لەپێناو فەرهەمکردنی شەفافیەتی زیاتر و زانینی ئەوەی تاچەند سکاڵاکان دەگەیەنرێنە ئەنجام.

10. گرنگە دەزگا حکومیەکان هۆشیاریی لەبارەی چۆنیەتی سکاڵا تۆمارکردن و رێوشوێنەکانی سکاڵاتۆمارکردن بۆ هاوڵاتیان رون بکەنەوە، بۆئەوەی لای هاوڵاتیان رون بێت و هانیان بدەن بۆ ئەوەی سکاڵاکانیان بە شێوەیەکی دروست و تەواو بگەیەنن بەو دەزگایانە، بۆ ئەوەی دەرەنجامی هەبێت.

## بەشی سێیەم: ناساندن

1. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

❋ ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

❋ کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

* بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 2. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لەساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (www.radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد،

بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 3. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003 دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی
2. زریان محەمەد
3. رێناسساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com yakaychawderigarmyan@gmail.com

Radiodang.org